www.kurdistannet.org
26-11-2005 18:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بۆ ئەو دیو کەنار دەریا پیشکەشە....... رزگار کۆچەر

لەو دیوو سنوری گەرماو بیابانی چۆلی عیشق....
لە نێوو فەنا بوون و سارمای بی باران و بەفر
وەك هەورە ترشیقە بۆم دەرکەوتی
کەناری ئاسا عیشقت بووم لە تاریکایی جاوانت ون بووم
تۆ فریشتەیەك نیت بیت و برۆیت
تازە ئاویتەت بوم گەر سەهۆلبەندانی غوربەت پاسپۆرتی تەنهایم بدرینی
تۆ لەکام کەناری دەریاوە هەلقولایەتە دلم
نە بای پایز.... نە حاجی لەق لقە کانی ئەو دیو سنور....
نە قەرجە گەنم رەنگەکانی هاورێت..... نە کەمانجە ژەنەکەی قوتابخانەکەت....
نە کورە رەش پێستەکە... نە کەس..... نە ئیمێلەکان
دەم گە ینیتە
وێستگەی چاوروانیت
پاش جی بویتە میوانی چاوەروانی و حەرفە شکاوەکان
پاش جی دەتەوی دواین سیمفۆنیای پیاوێکی پیر بیر من بەیتەوە..
تازە پەنجەکانم ئاویتەی کیبوردی بەردمم بوە لە ناوی تۆ زیاتر
پاسۆردی هیج کەسێکی تر ناکاتەوە
*********